# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە ١–٧– ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە...**ژمارە 244 یەکشەممە ١- ٠٨- ٢٠١٠**


## سەدر گوێ لە ئێران دەگرێ

رۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاوی کردۆتەوە کە موقتەدا سەدر بەنیازبووە سەردانی هەولێر بکات، بەڵام بەهۆی هەڵوێستی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم دژ بە مالکی و نزیکبوونەوەی لە ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقیە، ئێران رێگەی بە سەدر نەداوە سەردانی هەولێر بکات.

شەرقولئەوسەت ئاشکرای کردوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر لە ئیئتلافێ نیشتمانی عێراق نیگەرانە، چونکە ئەوان پەسند ناکەن نوری مالکی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران کاندید بکاتەوە، بەڵام ئێران پێداگری لەسەر کاندیدکردنەوەی نوری مالکیدا دەکات، بۆیە سەرەنجام ئیئتلافی شیعەکان هەر دەبێ بە کاندیدکردنەوەی نوری مالکی رازی بن، چونکە ئێران رێگە نادات کە ئەیاد عەلاوی ئەو پۆستە وەربگرێ.

# سەرژمێرکردنی کەرکوک بە قازانجی تورکیا تەواو دەبێ

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە بەدەستماڵپەڕی رزگاری کەوتوە، دەوڵەتی تورکیا لە رێی بەرەی تورکمانیەوە دەیەوێ ساختەکاری لە سەرژمێری پارێزگای کەرکوک دا بکات.

دەوڵەتی تورکیا بە هاوهەنگی لەگەڵ بەرەی تورکمانی خۆی بۆ سەرژمێری داهاتوو ئامادە کردووە و بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیێکی زۆری تورکمانی رەوانەی عێراق کردوە کەهەندێک لەوان نەوەی ئەو کەسانەن کە لە ساڵەکانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوودا گەڕابوونەوە تورکیا.

تورکیا زیاتر لە ٢٦٠٠ کەسی لە نێو وڵاتەکەی خۆیەوە رەوانەی عێڕاق کردۆتەوەو لەپێشوەختدا کۆمەک و هاوکاری پێشکەش کردوون و بەڵێنیشی پێداون کە دوای تەواوبوونی سەرژمێری لە تورکیادا کارو فەرمانیان پێدەدات.

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە بەدەست ماڵپەڕی رزگاری کەوتون، تورکیا بە هاوهەنگی لەگەڵ بەرەی تورکمانی هانی ئەو کەسانە دەدات کە خۆیان بە تورکمان دەزانن یان زمانی تورکی دەزانن و لەدەرەوەی عێراق دا دەژین، بەتایبەتیش ئەوانەی لە ئەمریکا، کەنەدا و وڵاتانی ئەوروپادا دەژین تا بۆ ماوەیەکی کورت بگەڕێنەوە کەرکوک و بەشداری لە سەرژمێریدا بکەن. هەروەها بلیتی هاتن و چوون و مەسرەفەکانی دیکە لە ئەستۆی تورکیا دەبێ و لە نووسینگەکانی بەرەی تورکمانی بۆیان سەرف دەکرێ.

بۆ پشت راستکردنەوەی ئەو هەواڵە پەیوەندیمان بە نووسینگەی بەرەی تورکمانی لە شاری کەرکوک دا کرد، بەڵام ئامادە نەبوون هیچ لێدوانێک بدەن.

# ئۆجەلان:با UN بەشداری لەچارەسەری دۆزی کورد بکات



رۆژی چوارشەممە، ٢٧-٧-٢٠١٠ رێزدار عەبدوڵلا ئۆجەلان لە دیداری هەفتانەی لەگەڵ پارێزەرە تایبەتییەکانیدا، لە گرتوخانەی دورگەی ئیمرالی، رایگەیاند کە پرسی کورد لە پەرلەمانی تورکیادا چارەسەر دەبێ، بۆیە سەرەتا دەبێ دان بەپرسی کورد بنێرێ، پاشان لە پەرلەماندا کۆمیسیۆنێکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی راستییەکان پێکبهێنرێ.

ئاژانسی دەنگوباسی "فورات" بڵاوی کردۆتەوە کە ئۆجەلان ئەو جۆرە هەڵوێستانەی بە هەنگاوێکی گرینگ بۆ چارەی دیموکراسی داناوە. لەو بارەیەوە گوتویەتی:' لە توانامدا هەیە هێزە چەکدارەکانی پەکەکە لە شوێنێکی دیاریکراو لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا کۆ بکەمەوە. بەو شێوەیە پرسی ئاشتەوایی فرەوانتر دەبێ؛ ئەگەر رێم پێبدرێ دەتوانم بەڵێنەکانم جێبەجێ بکەم'

رێزدار ئۆجەلان لە درێژەی قسەکانیدا گوتویەتی:'لە ئەگەری نەبوونی هیچ جۆرە دەستپێشخەرییک لەلایەن حکوومەتەوە، پێکدادانەکانناو شارەکانیشدا درێژەی پێ دەدرێ. ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی رێگەچارەیەکی گونجاو نەدۆزیتەوە، ئەوکاتە گوشاری جەماوەری سەرهەڵدەدا، شەڕو پێکدادانی لێ دەکەوێتەوە'

لەو دیدارەدا رێزدار ئۆجەلان جەختی لەسەر کۆنفراسێکی نەتەوەیی کردۆتەوە و هیوای خواستوە کە ئەو کۆنفرانسە لە شاری هەولیر بەڕێوەبچی و هەموو هێزەکان تێیدا بەشداری بکەن.

## رۆژەڤ

سەرژمێری گشتی کە ماوەیەکە بانگەشەی بۆ دەکرێ و ئێستاش لە قۆناغەکانی سەرەتایی خۆی دایە، گرنگییێکی زۆری هەیە، بەتایبەتیش بۆ کوردستانیان کەدەیانەوێ کێشەی ناوچەدابڕاوەکان چارەسە بکرێ، رێژەی ١٧% ی داهات بۆ هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە.

حکومەتی هەرێم کە لایەنی سەرەکی کێشەکەیە، پێویستە میکانیزم و پلانی تایبەتی بۆ ئەو سەرژمێریە هەبێ، نەبادا ئەویش بە دەردی ماددەی ١٤٠ و یاسای هەڵبژاردنەکان بچێ.

گەرەکە حکومەتی هەرێم بەرنامەی تایبەتی بۆ پڕۆسەی سەرژمێری گشتی هەبێ، چونکە لایەنی عەرەبی شارەزایی زۆری تێدا هەیە، هەروەها تورکیاش وەک لایەنێکی ئەزموندار لەرێی بەرەی تورکمانیەوە خۆی تێدا هاویشتوە، هەڵبەت دەیانەوێ بە قازانجی خۆیان تەواوی بکەن.

ئێستا کە ئەنجوومەنی سیاسی عەرەبی لە شاری کەرکوک هەستی بە ترسناکی رەوشەکە کردوە، بەبیانۆی ئەوەی کە گوایە دوای ساڵی ٢٠٠٣ گۆڕانکاری لە دیموگرافیای شارەکە کراوە، داوای راگرتنی سەرژمێری شاری کەرکوک دەکات، ئەوە لە کاتێکدایە کە سەدان خێزانی کوردی ئاوارەکراوی کەرکوک هێشتا لە پارێزگای هەولێرو سلێمانیدا دەژین، ئەی باشە بۆچی کوردستانیەکان داوایێکی لەو شێویەیە ناکەن و گەڕانەوەی کەرکوکیە ئاوارەو دەرکراوەکان ناکەن بە مەرجی بەڕێوەبردنی سەرژمێری گشتی؟!

حکومەتی هەرێم دەبوایە لە زووەوە ئامادەکاری بۆ بکردایە، ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی ئاوارەو دەکراوەکان بکردبا، تەنانەت دەبوایە لە رێی رێکخستنی حزبەکان و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە وڵاتانی جیهاندا ئاسانکاری بۆ هاتنەوەی کوردستانیانی هەندەران بکردبا.

هێشتا پڕۆسەی سەرژمێری گشتی بە کۆتانەبووە، بۆیە هیواخوازین کە حکومەتی هەرێم داوا لە کوردستانیانی هەندەران بکات تا بگەڕێنەوە وڵات و لە رۆژی بەڕێوەچوونی سەرژمێریدا لە وڵاتەکەیان دابن و ئەوانیش ناوی خۆیان و خێزانەکانیان تۆمار بکەن،. ئامادەبوونی کوردستانیانی هەندەران لە تۆماری سەرژمێری گشتیدا کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێ.

# پەرلەمانتارانی ئەوروپا داوای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا دەکەن

بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا ، نۆ ئەندام پارلەمانی ئەوروپا، نامەیەکی کراوەیان ئاراستەی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا کردوە.

ئەو نۆ پەرلەمانتارەی یەکێتی ئەوروپا لە نامەکەیاندا نووسیویانە کە شەڕ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا ناکات، پێویستە لە رێی پێکهێنانی دیالۆگەوە ئەو کێشەیە چارەسەرو یەکلایی بکرێتەوە.

پەرلەمانتارەکان لە نامەکەیاندا سیرەیان لە خراپبوونی رەوشی ئاسایشی تورکیا کردوەو ئاماژەیان بە کوژرانی خەڵکی سڤیل کردوە کە لە ئاکامی شەڕو پێکدادانی نێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیاوە روویان داوە.

جێی ئاماژەیە کە تورکیا چەندین ساڵە خەون بە یەکێتی ئەوڕوپاوە دەبینێ، بەڵام مەرج و داواکاری ئەوڕوپاییەکان پێچەوانەی خواستی تورکیایە، بۆیە بەئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوڕوپا رەت دەکرێتەوە.

## UN دەتوانێ حکومەتی عێراق پێک بهێنێ

بۆلاپەڕە ٣

## کە کۆڵان دەبێ بەماڵ، منداڵ ناتەندروست دەبێ

بۆلاپەڕە ٤

## ستراتیژی نوێ ئەمریکا بۆ دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناڤین

بۆلاپەڕە ٥

## ئایا نەمسا دەستی لە تیرۆرکردنی قاسملۆدا هەبوە

بۆلاپەڕە ٦

## وڵاتی یەک ملیۆن بێوەژن

بۆلاپەڕە ٧